

# ئیمانوێل کانت: فەیلەسوفی ئاشتیی هەمیشەیی:
# ئەی مرۆڤ عەقڵتان بخەنەگەڕ

وەرگێڕانی: کامیل محەممەد قەرەداغی

**"دەكرێ ناسینی جیهانەكەی تر تەنها لەرێگەی لەدەستدانی هەندێك لەو زانیارییانەوەبێت، كە ئێستا لێرە بۆ ئەم جیهانەمان پێویستن."**

**كانت**

فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی(كانت) یەكێكە لە گرنگترین پیرانی فەلسەفەی هاوچەرخ و یەكەمین كەسیش بووە، كە داوای ئەوەی كردووە دەبێ زۆربەڕوونی و بە تەواوی نێوانی(ئاكار)وەك سیستمێكی بەهایی پەروەردەیی و(ئاین) لەیەكتری جیابكەینەوە. هەر ئەو رێیەری یەكەمین بانگەشەی ئاشتیخوازانەی هەمیشەییە، كە داوای كردووە و ئامانجی بووە سیستمێكی جیهانی بۆ پاراستنی ئاشتی دابمەزرێنرێت.

ناوی (كانت)، كە بەلای زۆركەسەوە مەزنترین فەیلەسووفە، كە ئەورووپا لەم دووسەدەیەی ڕابوردوودا بەخۆیەوەی بینیبێت، زۆر بە پتەوی و بەو بانگەشەیەوە گرێدراوە، كە داوای كردووە(ئەی مرۆڤ عەقڵتان بخەنەگەڕ). ئەم داوایەی ئەم ،دوواتر بووە بە یەكێك لە گرنگترین دروشمەكانی ئەو بزوتنەوەی ڕۆشنگەرییەی، كە لە ئەورووپادا بەها و نرخی گەڕاندەوە بۆ دەستەلاتی عەقڵ و عەقڵی كرد بە پێشەنگ و جەختی لەسەر ئەوەیش كردەوە، كە تاكێتیی مرۆڤ ڕێزی لێبگیرێت و بەدەر لە میراتی كۆمەلایەتیی نەریتیی باو فرەڕەنگیی بەهرە مرۆییەكان بخرێنەگەڕ و بەرهەم بهێنرێن

سەرباری ئەمەش ئەو هاوارەی كە لە كانتەوە بەرزبۆوە بەشێوەیەكی ڕوونتر گوزارەی لە ئەو وەرچەرخانە چۆنایەتییە دەكرد، كە ئەورووپا لە سەدەی هەژدە و لە چاخی ڕۆشنگەریدا بەخۆیەوەی بینی. بەم شێوەیە كانت بەشداریی بەرچاوی كرد لە ڕەواندنەوەی ئەو تەم و تاریكییەی چاخەكانی ناوەڕاست، كە دەوری عەقڵیان دابوو.

**جان جاك رۆسۆ**

***منالییەكی سادە***

كانتی فەیلەسووفی ئاكار لە رۆژی (22ی نیسانی 1724)دا لە شاری(كۆنیگ سبێرگ)ی باكوری ئەڵمانیا لەدایكبووە، ئەوكاتە ئەو شارە سەر بە ئەڵمانیا بووە و ئێستە سەر بە ڕووسیایە و بە (كالینینگراد)دەناسرێ. كانت منالی خێزانێكی نەداربوو، هەر لە منالییەكی زووەوە لەسەر دەستی دایكی بنەماكانی ئاكار فێركراوە. ئەو وانانەی دایكی پاشتر كاریگەرییەكی گەورەیان هەبوو لەسەر نوسینەكانی و لەسەر ڕوانینی بۆ جیهان.

كانت لە گەنجیدا توانی بڕوانامەی دكتۆرا لە فەلسەفەدا وەربگرێت و پاشتریش بوو بە مامۆستای زانكۆ. ئەمجا سەری

کردە خوێندنەوەیەکی چڕوپڕی فیکری و لەوماوەیەدا (نیوتن و هیوم)ی بەباشی خوێندەوە, جەختی زۆری کردەسەر کارەکانی (جان جاك ڕۆسۆ)ی فەیلەسوفی فەرەنسی، بەهۆی کارەکانی ڕۆسۆوە توانیی ڕێگای ڕاستی خۆی بدۆزێتەوە،چونکە ڕۆسۆ کاری باشی لەسەر ئاکار کردبوو, لەپلەیەکدا دایانابوو, کە لەسەرووی زانست و ئاینەوە بوو. پاشان کانت بەناو پلەبەندییە زانستییەکانی زانکۆد تێپەڕی تا گەشتە ئەوەی لە دووسالّی(1786 و 1788)دا ببێتە ڕاگری زانکۆکەی خۆی. لەو دەمەدا توانیی گرنگترین نوسراوی خۆی بلاّوبکاتەوەو کە بریتی بوو لە (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت و ڕەخنەی ئاوەزی پراکتیکی).

## چییێتیی چاخی ڕۆشنگەری

هەتا ئەمڕۆش تێزی ئاشتییە هەمیشەییەکەی (کانت)گرنگییەکەی خۆیی لەدەست نەداوە، هەروەها کانت توانیویەتی وەلاّم بە پرسیارێکی جەوهەریی وابداتەوە, کە ئەو پرسیارە بەڕاستی چییێتیی چاخی ڕۆشنگەریمان بۆ ئاشکرادەکات, سەیربکە بزانە کانت دەلّێ چی:..."ڕۆشنگەری بریتییە لە دەرچوونی مرۆڤ لە قۆناغی سستیی عەقلّییەوە و گەیشتنی بە تەمەنی کاملّبوون". هەروەها واپێناسەی (سستیی عەقلّی) دەکات, کە بریتییە لە (وابەستەبوون بە کەسانی ترەوە ،نەتوانینی بیرکردنەوەی کەسێتی, یان گرتنەبەری ڕەوشتی تایبەتی, یان نەتوانینی وەرگرتنی بڕیار بەبێ



ئەرستۆ

ڕاوێژکردن بە ئەو کەسانەی, کە سەرپەرشتیی دەکەن).

لــەم ڕووەوەیــە, کــە هــاوارە ڕۆشــنگەرییەکەیی لــێ بەرزبۆتەوە, کە دەڵێت: "ئەی مرۆڤ عەقڵتان بخەنەگەڕ, با ئەو بوێرییەتان هەبێت عەقڵی خۆتان بەکاربهێنن, لــەمڕۆ بــەدواوە پشت بە کەس مەبەستن, خۆتــان مەدەنــە دەســت تەمبــەڵی و چارەنووس و نوسراو. ببزوێن, چالاك بن، بەشێوەیەکی ئەرێیی بچنە ناو ژیانەوە. خودا عەقڵی پێبەخشیوون و ئێوەیش دەبێت بەکاریبهێنن".

کانت وا لە ڕۆشنگەری تێنەگەیشتووە, کــە دژی بــڕوا و بیروباوەڕی ئاینی بێت, بەڵکو جەختی لەوەکردۆتەوە, کە لــە سنوری عەقڵەوە، سنوری بڕوایش دەست پێدەکات، هەروەها ئاگــایی لەســەر ئــەوەیش داوە, کــە کویرانــە ملکەچــیی ســەرکردەکان, یــان پیــاوانی ئــاینی بکرێــت, وەك ئــەوەی, کەپاشتر لە دەوڵەتی بڕووسیادا ڕوویدەدا.

### بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی

کانت دێت چەمکێکی نوێ گەڵاڵە دەکات بــۆ سروشــتی پەیوەندییەکانی نێوانی دەوڵەتان, ئەو چەمکە لەسەر زەمینــەی یاســای نێودەوڵــەتی ڕادەوەســتێت, هــەوڵی بۆئــەوەیش داوە پەیوەندییــەکی ئاشــتییانەی هەمیــشەیی لــەنێوانی گەلانــدا دروستبکات, بەوەی کە مرۆڤ لە شتەکاندا (ئامراز) نــەبێت, بەڵکو هەمیشە هەر (ئامانج) بێت. ئەمەش بە ئەو مانایەدێــت, کە پێویستە لەسایەی هەموو بارودۆخەکاندا کەرامەتی مرۆیی لەلایەن کەسی بەرامبەرەوە ڕێزی لێبگیرێــت. لێــرەوە و لــە میانەی ئەم چەمکەوە کانت پێیوایــە, کــە تــا مــرۆڤ نــەگۆڕین لەڕووی ئاکارییەوە وا پەروەردەی نەکەین, کــە ئــیتر شــەڕی لــەلابێت بــە شــتێکی نەشــیاو و نــەکردەنی, نــاتوانین ئاشــتی بەرپابکەین.

شایانی باسە لەڕێگەی ئەم تیۆرە فکرییــە ئایدیالیــستییانەوە بوو کە لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بیر لە دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵــەی نەتــەوەکان کرایــەوە, بۆئــەوەی وەك ڕێکخراوێك بتوانێــت لەســەر بنــەمای کــارکردن بــە یاســای نێودەوڵــەتی ناکۆکییــەکانی نێــوانی دەوڵەتــەکان چارەســەر بکات.

شایانی باسە هــەر بــەهۆی ئــەو تێزانــەی ئــەوەوە, کــە تــا ئــەمڕۆش گرنگیــی خۆیانیــان لەدەســت نــەداوە, کۆمەڵــەی نەتەوەکان گەشەی کرد و لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمــەوە گۆڕا و بوو بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

**تێبینی:**

لــە دەقێکــی کــەناڵی (دۆیــچە ڤێلــی)ی ئەڵمانییــەوە ئامادەیکردووە, کە بە عەرەبی بڵاوبۆتەوە.